www.kurdistannet.org

# سێبەر و سەماکانی خۆشەویستی

سێبەر...تارمایی یەکی پڕ لە تیشکی میهرەبانی دەم کراوەیە

لەبەر ڕێژنەی ئەوینێکی سەر شێت نەبێ

لە ژێر باڵی نەوڕەسێکی یاخی و توڕە نەبێ

خۆی ناداتە دەست خەونێکی دڕ و کێوی.

سێبەر..کچە دەزگیرانی بێدەنگی یە و،

لەگەڵ ئەودا ،سەماکانی موحیبەت و

د لە ڕاوکێ کانی مەنفا و

هەڵسانەوە ئەشواتەوە.

هەڵسانەوەی خۆش بوون لە ڕوحی گوناە و

خەتاکانی خۆ وون کردن

هەڵسان بەرەو هەورازی تێکەڵاو بوون و

دەست گەیشتن بە بەرزایی یەکانی جەستە

چەمانەوە وەکو نوێژی سوجدە بردوو

لە نێو هەردوو دار چناری ئەو دەمارە سەر خۆشانەی

بە بێ شەراب دێنە سەما!

ڕاز ناسینی دیوی ژوورەوەی بەدەن و

خزینە نێو تونێڵە سیحرەکەی وجود

ووردە پیاسەی ژێر ڕەشماڵی هەناسە گەرم و توندەکان

بۆ مەنزڵی نەرمە ئارەقەی جووت بوون و

مژینی دوایین دڵۆپی شەربەتی کاڵی ئارەزوو

***

تۆ هەناسەت وا لە نێوان خیانەت و

پەیمانێکی چاو زیت ئەنوێ

ڕێگە مەدە...بەربەستەکان لافاوی عەشقت بکوژن

www.kurdistannet.org

ڕێگه مەدە...بتوێیتەوە لەو دۆزەخی نابوود بوونەی
پەیتا..پەیتا..بلێیسەکەی
جەستەت ئەکا بە تابلۆیەکی شێواوی گوناە لەبەر
ڕێگه مەدە...سنووری جنسی ئازاد و سەرگەردانی
سنووری پیادە کردنی ئەو ڕەوشتە نەگریسانەی
تەمتومانی ڕۆحت ئەدەنە بەر ڕێژنەی
ووتە باق و بریقەکان
پەساپۆرتی بێگەردیت لێ بسێننەوە!
ڕێگه مەدە...لە چاوتەوە ڕەنگەکان جێ گۆڕکێ بکەن!
ترپەکانی دڵت ببنە ڕیتمی وەسیەتێکی بێ نوێژ
وێنەکانت ببنە چڵکی سەر دیواری پەرستگایەکی کەلاوە
تۆ مەهێڵە،زەردەخەنە قووڵەکانی ناو قووڵایی
دڵ و دەروون کوێر بنەوە
مەهێڵە تێکستی دەست لێ نەدراوی عاتیفەت بژاکێ و
چرچ و لۆچی تێ بکەوێ.
تیشکە وەنەوشەیی یەکانی بەهار،
لە بەردەم دەرگای حەزە وێڵەکاندا سەر مەبڕە.
مەبە بە گۆرانی یەکی کۆچەری قەرەج و
گەڕیدەیەکی بێ شوناسی سەر سنوورە سوورەکانی بێ دەر بەستی
تۆ ڕوخسەتێك لە باوەڕ و،
یارمەتی یەك لە بێگەردی خۆت وەرگرە و
دەستی سێبەری متمانە و
دار چنارە بەرزەکانی دڵنیایی بگرە و،بڕۆ
بڕۆ بەرەودەروازە ئاوەڵاکانی خۆشەویستی و
لە باوەش گرتنی مامزی بەختەوەری

www.kurdistannet.org

بڕۆ...ئیتر هیچ گوناهێك له دوای تۆدا،

گۆرانی عوزلیەت نالێ

هیچ گومانێك هەوره سێبەرت بۆ ناكات

بڕۆ تا دەبیه تریفه و،

هەتا دەبیه پاكیزەیی.

..................................عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

..................................2001-2002

.....................................ڤانكۆڤەر/كەنەدا